# تۆماری دەنگدەران

# لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، و یاساکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

**توێژەر: مافناس سلێمان مستەفا حەسەن**

**سلێمانی**

**ئاداری ٢٠١٦**

## پێشەکی:

تۆماری دەنگدەران یەکێکە لە پایە گرنگەکانی هەر هەڵبژاردنێکی ئازادو پاك، بە بێ بوونی تۆماری دەنگدەرانیش ناکرێت باس لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیانە بکرێت، تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران پرسێکە بەپێی ڕێ و شـوێنە بڕیار لێدراوەکان و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك ناکرێت نادیدە بگیرێت، لەهەمانکاتدا خاڵێکی بنچینەییە بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراسیانە.

هەرێمی کوردســـتانیش لە چـــوارچـــێوەی کۆماری ئیتتحادیدا خاوەن دامەزراوەی متمانە پێکراوە، بۆ هەر هەڵبژاردنێك پێویســـتی بە تۆماری دەنگدەرانە، بەمەبەســـتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ (پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان و ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان) لە بەر ڕۆشـــنایی یاســـای کۆمســـیونی باڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردن و یاسـای پەرلەمانی کوردسـتان و یاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان و یاسـای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

هەڵبژاردنی تۆماری دەنگدەران بۆ بابەتی توێژینەوە لە بەهەند وەرگرتنی ئەم پرسـەوە سـەرچاوەی گرتووە، ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرســـی لە هەرێمی کوردســـتان – عێراقدا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی بڕگەو مادده یاساییەکان دەربارەی بەچۆنیەتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران.

توێژینەوە هەوڵدەدات لایەنی نەرێنی دەربخات و بابەتیانە سەرنجەکان بخاتەڕوو. هەروەها شیکاریەکی وردی بۆ بکات و و پێشـنیار لەو بارەیەوە بخاتەڕوو. ئەمەش بەپشـتبەسـتن بە یاسـاکانی هەڵبژاردن (یاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان، یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان، یاسـای پارێزگاکان، یاسـای ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان) و (یاســـای کۆمســـیۆنی باڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرســـی)، لەژێر ڕۆشنایی ئەم یاسایانە و بڕگە و ماددەی یاسا پەیوەندیدارەکان شیکارێکی وورد بۆ تۆماری دەنگدەران دەکەین.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ گەشـتن بە وەڵامی کۆمەڵە پرسـیارێکی گرنگی پەیوەسـت بەتۆماری دەنگدەران، وەك: گرنگی تۆماری دەنگدەران، جۆرەکانی تۆماری دەنگدەران، کاریگەری تەکنەلۆجیا لەســـەر ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، تۆماری دەنگدەرانی تایبەت، تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان (تورکمان، ســـریان کلدان ئاشـــوری )،و ڕەوەندی کوردســـتانی لەدەرەوەی وڵات چـــۆن لەیاســـاکاندا باســـیان لێوەکراوە و مەرجەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران کامانەن، دەسـتەبەرکردنی مافی وردبینی لە تۆمارکردنی دەنگدەراندا، گرفتەکانی بەردەم تۆمارکردن و ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، شێوازەکانی تۆمارکردن یا جۆرەکانی کامانەن، لە هەرێمی کوردســـتان کار بە کام شـێواز و پێوەرکراوە لە رابردوودا، لە یاســـاکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردســـتان مافی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران دراوە بە کام دامەزراوە، گرفتەکان و ڕێگا چارەکانی کامانەن؟

## ئامانجی توێژینەوەکە:

بایەخی پەنابردن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر تۆماری دەنگدەران، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دوای ئەنجامدانی چەندین پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کێشەو گرفتی زۆر لە تۆماری دەنگدەراندا بەدیکراون و تا رادەیەکش وەك خۆیانن، لەوانە بوونی ناوی دووبارە، نەکوژاندنەوەی ناوی مردوان، نەبوونی ناوی بەشێك لە هاوڵاتیان، بوونی ناوی دووبارە لە ناوی تۆماری گشتی و تۆماری تایبەتی هێزە چەکدارەکان، نەبوونی داتای ناوی رەوەندی عێراقی و هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و نەبونی تۆماری پێکهاتەکان. سەرەڕای بەڕێکردنی چەندین پرۆسە و بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی کۆمسیۆنی ئیتتحادی سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران و بەردەوامی ئەم گرفتە، لە هەمانکاتدا هەست بە بیٚ باکی دەوڵەت دەکرێت لەمەر ئەم پرسە گرنگە. ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی کەموکوڕییەکانی تۆماری دەنگدەرانە لە هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی بەرپرسیاریەتی دەوڵەت (هەرێمی کوردستان) و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان بە ووردبونەوە لە برگەو ماددە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە تۆماری دەنگدەران، لە پێناو ئامادەکردنی تۆمارێکی پاك و بێگەر (تۆماری گشتی، تۆماری تایبەت، تۆماری پێکهاتەکان (سریان کلدان ئاشوری و تورکمان )، وتۆماری رەوەندی کوردستانی لەدەرەوەی وڵات) ئەمەش لەرێگەی هەموارکردنەوەی یاسا پەیوەندیدارەکان بەدیدەهێنرێت. لە رێگەی ئەم توێژینەوەیە و بە تایبەتی دوای دامەزراندی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، هەڵسەنگاندن و شیکاریەکی وورد بۆ تۆماری دەنگدەران دەکەین، لەبەر رۆشنایی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و یاسای پەرلەمانی کوردستان و یاسای پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

## کێشەی بەردەم توێژینەوەکە

ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر تۆماری دەنگدەران کارێکی ئاسان نییە لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، ئەوە سەرەڕای بەردەستنەبوونی داتاو ئامار و توێژینەوەی تایبەت بەم پرسە، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکانی تایبەت بە تۆماری دەنگدەران کە لە یاساکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و یاسای پەرلەمانی کوردستان و یاسای پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەیان پێدراوە بەمەبەستی هەموارکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان و ناساندنی ئاماری فەرمی هەرێمی کوردستان کە کۆمسیۆن بیکات بە بنەمای ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و جیاکردنەوەی تۆماری هێزە چەکدارەکان و پێکهاتەکان و رەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات.

## رێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پشتیبەستوە بە رێبازی شیکاری کە بۆ ماددە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە تۆماری دەنگدەران کە لەیاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و یاسای پەرلەمانی کوردستان و یاسای پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دا هاتوون.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دابەشبووە بەسەر حەوت بەشدا بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:** تۆماری دەنگدەران بەگشتی.

**بەشی دووەم:** تۆماری دەنگدەران لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەشی سێیەم:** تۆماری دەنگدەران لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمووارکراو.

**بەشی چوارەم:** یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەشی پێنجەم:** تۆماری دەنگدەران و یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٠٩)، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق.

**بەشی شەشەم:** تۆماری دەنگدەران و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم.

**بەشی حەوتەم:** تۆماری دەنگدەران و کورسی کۆتاو پێکهاتەکان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان.

توێژینەوەکە بەکۆمەڵێك دەرئەنجام و چەند پێشنیار و راسپاردەیەك لەگەڵ دوو پاشکۆ کە تایبەتن بە چۆنیەتی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کۆتایی دێت.

# بەشی یەکەم: تۆماری دەنگدەران

## چەمکی تۆماری دەنگدەران و شێوازەکانی بە گشتی:

**تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران پرسـێکە بەپێی ڕێوشـوێنە بڕیار لێدراوەکان و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك ناکرێت نادیدە بگیرێت، لەهەمانکاتدا خاڵێکی بنچـینەییە بۆ هەر پرۆسـەیەکی هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراسیانە، کە پێویستە هاووڵاتیان بەیەکسانی بتوانن ناوی خۆیان تۆمار بکەن و ناویان تۆمار بکرێت، بەشـداری هەڵبژاردنەکان بکەن وەك لەماددەی (٢١)ی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، ماددەی (٢٥) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدنی و سـیاسـییەکان، بڕگەی یەکەم و دووەم لە جارنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئازادو پاك دوور لە هەر جۆرە جیاکاریەك، وە لە هەمانکاتدا مافی تانەلێدانیشـان بۆ فەراهەمکرابێت لەکاتێکدا ئەگەر ڕێگایان لێبگیرێت لە تۆمارکردنی ناوەکانیان[1]، ئەگەر ئەو بێبەشکردنە بە هۆکاری یاسایی یان کارگێڕیی بێت.**

**تۆماری دەنگدەران بریتییە لەو بەڵگەنامەی کە ئاماری دەنگدەران لە خۆ دەگرێت و ناوەکانی بە زنجیرە تیادا تۆمار دەکرێت، سـەرەڕای ناوە بنەماڵەو ناوی دایك و بەرواری لەدایك بوون و شـوێنی نیشـتەجێبوونیشـی تێدا تۆمار دەکرێت[2].**

**تۆماری دەنگدەران لیسـتی ناوی ئەو هاوڵاتیانەیە کە بە پێیی ڕێوشـوێنی یاسـایی بڕیار لێدراو تۆمار دەکرێن، یاسـای هەڵبژاردن دیاریدەکات کە تۆماری دەنگدەران چـۆن ئامادەدەکرێت، کەئەمەش لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە، ئەم پرسەش لە ڕێگەی یاساوە یەکلای کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆدەنگییەك هەیە لەسەر تۆماری دەنگدەران کە چـۆن ئامادەبکرێت، چ جۆرە زانیاریەك لە تۆماری دەنگدەران تۆمار بکرێت، بۆ ئەمەش کۆمەڵێ بنەمای نێودەوڵەتی هەیە کە وڵاتان خۆیانیان پێوە پابەنددەکەن، لە ئامادەکردنی لیستی دەنگدەراندا.**

**زۆرێك لە شـارەزایانی بواری هەڵبژاردن، پێیان وایە دەبێت ئەم زانیاریانە لە تۆماری دەنگدەراندا هەبێت (ناوی چـواری، سـاڵ و ڕۆژی لە دایکبوون، کۆدی دەنگدەر، ناوی دایکی، شـوێنی لە دایکبوونی، ناونیشـان، شـوێنی دەنگدان) تۆمارکردنی زانیارییەکانی دەنگدەران لە ڕووی بایۆلۆجی (پەنجەمۆر، وێنە، وێنەی گلێنەی چاو)[3].**

**ئەگەر بڕوانینە مێژوی پێشـکەوتنی دەنگدان، دەبینین لە سـەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بنەمای دەنگدانی گشتی و یەکسـانی لە مافی دەنگدان پێشـکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە لەبواری پرسـی هەڵبژاردن و دیموکراسـی. یەکسـانی لە دەنگدان بەمانای ئەوە دێت هەموو هاوڵاتیان مافی دەنگدانیان بۆ فەراهەمبکرێت و یەك جار مافی**

---

[1]) **ماددەی ٢١ ڕاگەیاندنی جهانی مافی مرۆڤ و، بنەما نێودولەتیەکان بۆ هەڵبژاردنی ئازادو پاك ساڵی ١٩٩٤ پاریس، ماددەی ٢٥ لە پەیماننامەی نیودەوڵەتی بۆ مافە سیاسی و مەدەنیەکان ساڵی ١٩٦٦ پێداگیری لەسەر مافی دەنگدان و بەشداری کایەسیاسیەکان دەکەنەوە بۆ هاولاتیان** . د.عبدالغنی البسیونی عبدالله ،النظم السیاسی الدار الجامعة للطباعة والنشر ت ⁄٢٣٠، الوردی ابراهیمی ، النظام القانونی للجرائم الانتخابیة – دراسة مقارنة، دار الفکر الجامعی الاسکندریة ،٢٠٠٨ ص ٤٠

[2]) الوردی ابراهیمی ، النظام القانونی للجرائم الانتخابیة – دراسة مقارنة ، دار الفکر الجامعی الاسکندریة ،٢٠٠٨ ص ٤٠

[3]) بنا الثقة فی عملیة تسجیل الناخبین – دلیل مهعدالدیقراطی ص ١٠.

دەنگدانیان بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەگەر لە دەستوری وڵاتان مافی دەنگدان فەراهەمکرا بێت بۆ هاوڵاتیان ئەوا بەو مانایە نییە کە ئەو مافە موتڵەقە بەتەواوی بۆ هەموان، بەڵکو کۆمەڵێ رێوشوێنی تر بۆ رێکخستنی ئەم پرسە دەگیرێتەبەر، کە زۆربەی وڵاتان لە یاساکانی هەڵبژاردندا ئاماژەدەدەن بە مەرجەکانی دەنگدەر، لەوانە تەمەن، شایستەیی (ئەهلیە)، رەگەزنامە، هەروەها خاڵێکی تری گرنگ، کە بونی ناوی دەنگدەرە لە تۆماری دەنگدەران، ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و پێداچونەوەی بە یەکێك لەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت[٤] :

**١- سیستەمی خۆبەخشانە:** واتە ئەو هاوڵاتیانەی مەرجە بابەتیەکانیان تێدایە، بۆ مومارەسەکردنی مافە سیاسیەکان، هەڵدەستێ بە پێشکەش کردنی داواکاریەك بۆ تۆمارکردنی ناوی لە تۆماری دەنگدەران، لە یاسای هەڵبژاردنیش دوو جۆر لە تۆماری دەنگدەرانی خۆبەخشی تیاییە، ئەمانیش، یەکەم تۆماری بەردەوامە کە تیادا پرۆسەی تۆمارکردن بۆ یەکجارەو ناشتوانرێت هەموار بکرێت تەنها لە حالەتی گۆرینی شوێنی نیشتەجێبوون، یالە دەستدانی لێهاتوویی هەڵبژاردن، ئەمەش لەزۆربەی وڵاتان پەیرەوی لێدەکرێت، دووەمیان سیستەمی تۆماری دەورییە کە پێویستە لەسەر دەنگدەر دووبارە بە شێوەیەکی دەوری ناوی خۆی تۆمار بکاتەوە ئەوەش ئێستا لە هەندێ لە ویلایەتەکانی ئەمریکا وەك ویلایەتی لویزیانا کە مەرجە دەنگدەر هەر چوار ساڵ جارێك ناوی تۆمار بکات.

**٢- سیستەمی بەزۆر:** لەو سیستەمەدا لایەنی ئیداری تایبەتمەند لە رووی یاساییەوە هەڵسێ بە ئامادەکردنی تۆمارکردنی، و تۆمارکردنی ناوی ئەو هاوڵاتیانەی کە مەرجە بابەتیەکانیان بۆ مومارەسەکردنی مافە سیاسیەکان تێدایە، بێ ئەوەی ئەو کارە لەسەر داوای هاوڵاتیان وەستا بێت.

**٣- سیستەمی تۆماری دەوری:** بە گوێرەی ئەو سیستەمە لایەنی تایبەتمەند هەڵدەستێ بەئامادەکردنی تۆماری دەنگدەرانی نوێ لە ماوەیەکدا ئەو ماوەیەش لە وانەیە ساڵێك بێت یا دوو ساڵ یا زیاتر لەوەبێت،لە ڕابردوشدا کار بەم سیستەمە کراوە، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی وڵاتان کاری پێ ناکەن.

**٤- سیستەمی تۆماری بەردەوام:** بەگوێرەی ئەو سیستەمە پرۆسەی تۆمارکردن یەکجار دەبێت، ناشتوانرێت بە درێژایی ژیانی دەنگدەر گۆرانکاری بەسەر ئەو تۆمارەدابێت، مەگەر لە هەندێك حالەتدا نەبێت، وەکو گۆرینی شوێنی نیشتەجێبون یا لە دەستدانی شایەستی، ئەو جۆرە سیستەمە لە زۆربەی وڵاتان پەیرەو دەکرێت.

**٥- سیتەمی تۆمارکردنی ئیلزامی:** بەگوێرەی ئەو سیستەمە پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان لەسەر ئەو کەسانە کورتکراوەتەوە کە ناویان لە تۆماری دەنگدەران تۆمارکراوە، ئەو کەسانەشی ناویان لەو تۆمارە تۆمار نەکراوە دوور دەخرێنەوە، هەتا ئەگەر مەرجە بابەتەکانیشیان تێدابوو کە ڕیگەیان بۆ خۆش دەکات مومارەسەی مافی دەنگدان بکەن.

**٦-سیستەمی تۆماری نا ئیلزامی:** بەگوێرەی ئەوسیستەمە مافی دەنگدان بە هەموو کەسێك دەدرێت، ئەگەر مەرجە بابەتیەکانی مومارەسەکردنی مافی دەنگدانی تێدابێت،بێ ئەوەی بەشداریکردنی لە پرۆسەی دەنگدان پێویست بەوە بکات ناوی لە یەکێك لە تۆمارەکانی دەنگداندا تۆمارکرابێت.

[٤] د. خامۆش عمر ، چوارچێوەی دەستوری و یاسای هەڵبژاردن ، ل١٧.

**لەم هەولەی توێژەریشدا تۆماری دەنگدەران بابەتی توێژینەوەکەیە.**

**تۆماری دەنگدەران لە وڵاتانی جیهان بە دوو شێواز یا (سیستم) ئامادەدەکرێت[٥]:**

**یەکەم: ئەو تۆمارەی بەندە بە ویستی دەنگدەرانەوە:**

**واتە بە پێی ئەم سیستمە ویستی دەنگدەر رۆڵ دەبینێت کە ناوی خۆی تۆمار بکات، لە رێگە پێشکەکردنی داواکاریەك بەو لایەنەی ئەرکی رێکخستنی تۆماری دەنگدەرانی خراوەتە ئەستۆ، واتە ئەو کەسانەی ناوەکانیان تۆمارناکەن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا مافی دەنگدانیان نابێت، هەروەها مافی تانەدانیشیان لەئەنجامەکان نابێت، لەبەرنەبوونی ناویان لە تۆماری دەنگدەران و بێبەشبوونیان لە مافی دەنگدان. ئەم پرسەش تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە دەستور و یاسای هەڵبژاردنەوە هەیە.**

**دووەم: ئەو تۆمارەی راستەوخۆ ئامادەدەکرێت بەبێ رەچاوکردنی خواستی دەنگدەران:**

**بە پێی ئەم سیستمە، یاسای هەڵبژاردن دەزگایەك رادەسپێرێت بە رێکخستن و ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، ئەویش ملکەچ و پابەندە بە تۆمارکردنی ناوی سەرجەم هاوڵاتیانی وڵاتەکەی کەمافی دەنگدانیان هەیە، واتە لە تەمەنی (١٨)ساڵیدا بێت (یاخود بەپێی یاسای وڵاتەکە بڕیار لەسەر ئەو تەمەنە دەدرێت کە شایەستەیی سیاسی هاوڵاتیان دیاریدەکات). لە عێراق و هەرێمی کوردستان کار بەم سیستەمە دەکرێت[٦].**

**هەندێ لە وڵاتانیش تۆماری دەنگدەران ئامادە ناکەن، تەنها پشت بە رەگەزنامە دەبەستن واتە هەر هاوڵاتییەك شایستەیی سیاسی هەبێت و خاوەنی رەگەزنامەی ئەو وڵاتە بێت دەتوانێت لە بنکەکانی دەنگدان بەشداری دەنگدان بکات.**

**لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ دێتە ئارا، ئایا بۆ ئامادەکردنی لیستی ناوی دەنگدەران پشت بە کام داتا و بەڵگەنامە دەبەسترێت؟**

**لە زۆربەی وڵاتانی جیهان سەرژمێری گشتی بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ئەنجامدەدرێت و بنکەی زانیاری دروستیان هەیە لەو بارەیەوە، وە لە وڵاتانی پێشکەوتوو داتای فەرمی هەیە لە هەمانکاتدا زۆرێك لە وڵاتان پشت بە تۆماری شارستانی وڵاتەکەیان ئەبستن لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەراندا، لەوانە نەرویج، سوید بەرازیل،بولگاریا، هەنگاریا، هوڵندا، رۆمانیا، لە ئسپانیاش پەیمانگای نیشتمانی بۆ ئامار تۆماری دەنگدەران ئامادە دەکات[٧].**

**بەڵام لەهەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) بەدواوە پێوەری رەگەزنامە و ناسنامەی باری کەسیەتی کراوەتە پێوەر. یان هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی تر کەسەلمێنەری هەبوونی مافی دەنگدانە، بە مەرجێ تەمەنی (١٨) ساڵ**

---

[٥]) د. سعاد الشرقاوی – د. عبدللة ناصف ،النظم الانتخابات فی العالم و المصر – الطبة الثانية – دار النهضة القاهيرة ١٩٩٤ ص ١٣/-١٤.

[٦]) ماددەی (٢٠) دەستووری کۆماری عێراقی ئیتتحادیدا هاتوە (هاولاتیان پیاوان و ژنان مافی بەشداربونیان لەکاروباری گشتی سوودمەندبوون لە مافە رامیارییەکاندا هەیە بە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپالاتنیشەوە ) .

[٧]) الان وول ،أندرو ولسن ، أيمن ايوب ،كارل دنداس ، جوارم روكامى ، سارا ستينو ، أشكال الادارة الانتخابية ، دليل الموسسة الدولية للديقراطة و الانتخابات .

**و زیاتر بێت و دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوا مافی دەنگدانی هەیە، بە بێ بوونی تۆماری دەنگدەران[٨]، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کۆی پرۆسەکانی هەڵبژاردن.**

**لەکاتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەراندا پێویستە وردبینی و سەر ڕاستی پەیڕەوبکرێت، لەپێناو دەستەبەرکردنی متمانەو هەلی یەکسان بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی. ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران بەشێوەی کاتی بێت یان هەمیشەیی، پرۆسەیەکە پێویستی بە ڕێکاری یاسایی هەیە. تۆماری دەنگدەرانی کاتی ئەو تۆمارەیە کەلەکاتی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا ئامادەدەکرێت. تۆماری دەنگدەرانی هەمیشەییش ئەو تۆمارەیە بۆ سەرجەم پرۆسەکانی هەڵبژاردن کاری پێدەکرێت، کە لەڕێی داتای فەرمیی وڵاتەوە ئامادەدەکرێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە بە زیادکردن یاخود کەمکردن و سڕینەوەی ناوی دەنگدەران، بە پێی یاسا و ڕێکارییەکان. هەندێ وڵات ڕاستەوخۆ پشت بەداتای فەرمانگە فەرمیەکانی وەك فەرمانگەی ڕەگەزنامە دەبەستێت. ئەو فەرمانگانە ناوی ئەوانەی شایەستەیی سیاسییان هەیە دەدەنە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوەکانیان.**

**لە عێراقدا دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو سەرژمێری گشتی ئەنجامنەدراوە[٩]، ئەرکی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەرانیش خراوەتە ئەستۆی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق، وەك لە یاساو ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٤) تۆمارکردنی دەنگدەراندا هاتووە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)). کۆمسیۆنیش بەپشتبەستن بەیاسا پەیوەندیدارەکانی وەك (یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای پارت و قەوارە سیاسییەکان (فەرمانەکانی ٩٢،٩٦،٩٧) ی نوسراو بە مێژووەکانی ٢٠٠٤/٥/٣١، ٢٠٠٤/٦/١٥ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە)، بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسا و ڕێسایەی داوە: یاسا و ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٤) تۆمارکردنی دەنگدەران (تۆمارکردنی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە دەبێت کە لەسیستەمی دابەشکردنی گشتی کارتەکانی خۆراك (کۆبۆن)ەوە دەستدەخرێن و لەماوەی تۆمارکردنەکەشدا پەرەیان پێدەدرێت و هەر هەموارکردنێك پێویست بێت بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت)، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران عێراق ژمارە(١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراوهەڵنەساوە بە ڕێکخستنی پێکهێنانی لیژنەی تۆمارکردن لە تۆماری دەنگدەران، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو مەرجانەی کە یاسادانەری عێراقی دایناوە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەبنە دەنگدەر دەبێت ناویان لە تۆماری دەنگدەران تۆمار کرابێت.[١٠]**

**کۆمسیۆنی ئیتحادی دوای پەسەندکردنی دەستوور بە پێی یاسای ژمارە (١١) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دامەزرا، کۆمسیۆنیش لە (٢٠٠٨/٦/٢٤) سیستەمی ژمارە (٧)ی نوێکردنەوەی تۆمارنامەی دەنگدەرانی دەرکرد و پشتی بە داتاکانی کۆمپانیای خۆراك و داتاکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی کۆمسیاران بەست لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و نویکردنەوەیدا،بۆ ئەو مەبەستە کۆمسیۆن سیستەمی نوێکردنەوەی**

---

٨) ڕێکاریەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١١/٥/١٩٩، بەیانی ژمارە ٧٠.

٩) (زنجیرەی نۆیەم لە ماددەی(١١٠)دەستووری کۆماری عێراقی ئیتحادی (دەسەلاتەکانی فیدراڵی تایبەت مەند دەبێت بەم دەسەلاتە ژمێردراوانە )بڕگەی نۆیەم (ئامارو سەرژمێری گشتی دانیشتوان )و یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی ئیتتحادی، یاساو ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤، و پەیرەوی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٨ ، ئامارەکانی کۆبونی خوراك کراوەتە ئاماری فەرمی کۆمسیۆن پشتیان پێببەستێت .

١٠) (بڕوانە ماددەی (٣)بڕگەی (٤) یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥.

**تۆماری دەنگدەرانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی دەرکرد ئەوەش بە پشت بەستن بەو دەسەڵاتەی بە ئەنجومەنی کۆمسیاران لە ماددەی (٤) بڕگە (٨) ی یاسای کومسیۆندراوە. کومسیۆنی هەڵبژاردن کە لەسەر دەستی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دروستکرا، بە بڕیاری ژمارە (٩٢) لە ٢٠٠٤/٥/٣٠. رێکارەکانی ئەم بڕیارە بوون بە پێشینەیەك بۆ کومسیۆنی هەڵبژاردن دوای پەسەندکردنی دەستور، ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەکە دروستکرد. چونکە لە بنچینەدا داتاکانی خۆراك لەسەر بنچینەیەکی یاسایی و دروست ئامادەنەکرابوو، چەندین ناوی نادروست و بیٚ بنەما و ناوی دووبارە خزێنرانە ناو تۆماری دەنگدەران. شێوازی سڕینەوەی ناوی مردوەکانیش سەرکەوتوونەبوو.**

**هەروەها بە پێی دەستور دەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵە بە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی هەڵبستێت[11]. ئەمەش وایکردوە پشت بە داتاکانی کۆمپانیای خۆراك ببەسترێت، لە هەمانکاتدا ئاماژە بە بەڵگە فەرمیەکان نەدراوە کە دەنگدەر لەکاتی تۆمارکردنی ناوی لە لیستی دەنگدەراندا بیداتە لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە یاساکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیش دوور ونزیك ئاماژە بە سەرچاوەی داتاکان و بەڵگەنامە فەرمیەکان نەکراوە کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان پشتیان پێبەستبێت لە قۆناغی سەرەتای کارکردنیدا. ئەمە جگە لەوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کاتێکی زۆر و خەرجییەکی زۆری پێویستە، بەشێوەیەك بڕی تێچوی هەر دەنگدەرێك (١٠-١٢) دۆلار بووە لەپرۆسەکانی ڕابردوودا. بێگومان ئەمەش بارگرانیەکی زۆرە لەسەر بودجەی وڵات. ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونیدەکاتەوە کە رێکاری دروستکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەشێوازێکی تەندروست رێکنەخراوە.**

| ز | جۆری پرۆسە | ڕۆژ |
|---|---|---|
| ١ | پرۆسەی دامەزراندنی کارمەندان | ٢١ |
| ٢ | راهێنانی کارمەندان | ١٢ |
| ٣ | کردنەوەی دەرگای ناوەندەکان بەرووی دەنگدەراندا | ٣٠ |
| ٤ | نوێکردنەوەی تۆمارو تێکردنی گۆرانکاریەکان | ٣١ |
| ٥ | خستەنەرووی تانە | ٧ |
| ٦ | سکاڵا | ١٢ |
| ٧ | شیکردنەوەی داتاکان | ١٧ |
| ٨ | گۆرینی داتاکان بۆ تۆمار بەشێوەی PDF | ١٥ |
| ٩ | چاپکردنی تۆماری دەنگدەران | ٣٠ |
| ١٠ | دابەشکردنی تۆماری دەنگدەران | ٦ |
| | کۆی گشتی | ١٨١ |

[11]) ماددە (٤) بڕگەی (٨) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخوی هەڵبژاردنی عێراق هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**ئاشـکرایە کە تۆماری دەنگدەران بابەتێکی گرنگ و هەسـتیارە لە پرۆسـەکانی هەڵبژاردندا. لە هەڵبژاردنەکانی پێشـووتری هەرێمی کوردسـتان و عێراقدا تۆماری دەنگدەران جێگەی مشـتومڕ و خاڵی ناکۆکی بووە لە نێوان قەوارە سـیاسـیەکاندا، چـونکە تا ئێسـتا نەتوانراوە ئەم پرسـە وا ڕێکبخرێت کە لە ئاسـتی داواکاری قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بێت و جێگای متمانەیان بێت.**

**لێرەدا پرسیارگەلێك دێتە پێشەوە، ئایا تۆماری دەنگدەران چۆن ڕێکدەخرێت؟ یاسا دەسەلاَتی بە کام لایەن داوە بەم کارە هەستێت؟ کەموکوڕییەکانی تۆماری دەنگدەران چین لە رابردوودا؟ ئایا کۆمسیون پابەند کراوە پشت بەکام داتاو بەڵگەنامەی فەرمی ببەسـتێت؟ ئایا ئەم کارە گرنگە بە کۆمسـیۆن دەکرێت؟ چ ڕێگەو شـێوازێك پەیڕەوبکرێت لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەراندا؟ لە یاسـای کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی هەرێمی کوردسـتان – عێراق و یاسـاکانی هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردسـتان، ئەنجوومەنی قەزاو ناحیەکان، سـەرۆکایەتی هەرێم) چـۆن مافی دەنگدان و تۆماری دەنگدەران دەقنووس کراون؟ چـیبکرێت لە ئایندەدا؟**

**بۆ وەڵامی ئەم پرسـیارانە هەوڵدەدرێت لە بەشـەکانی داهاتوودا بڕگە بە بڕگە شـرۆڤەی یاسـا پەیوەندیدارەکان بکرێت.**

## بەشی دووەم: تۆماری دەنگدەران لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بە پێی یاسـای کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی کوردسـتان، ئەرکی کۆمسـیۆنە بە پێیی سـیسـتمی ڕاسـتەوخۆ هەسـتێت بە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران لە هەرێمی کوردسـتاندا. بەسـەرنجدان لە ناوەرۆکی یاسـای کۆمسـیۆن دەردەکەوێت کە بە وردی باس لە تۆماری دەنگدەران نەکراوە، لە هەمانکاتدا ئاماژەی بەوە نەکردوە کە کۆمسـیۆن لە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا پشـت بە کام داتا و بەڵگەنامەکانی وڵات ببەستێت. لێرەدا هەست بە کەمووکوڕییەکی زۆر گەورە دەکرێت، چونکە کۆمسیۆن دەبێت لە ئامادەکردن و ڕێکخسـتن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران پشـت بە سـەرژمێریەکی پشـتراسـتکراوە ببەسـتێت، بۆ ئەوەی نەبێتە شـوێنی تانەلێدان لە لایەن قەوارە سـیاسـییەکان و چـاودێران و ڕێکخراوەکانی بواری هەڵبژاردن. جا ئاماری سەرژمێری گشتی یان زانیاریەکانی فەرمانگەکانی تۆماری باری کەسیەتی هەرێمی کوردستان بن.**

**هەر لەهەمان یاسادا ئەنجوومەنی کۆمسیاران سەر پشککراوە لە گرتنەبەری ڕێگەو شێوازی تازە بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، چۆنیەتی ئامادەکردن و نوێکردنەوەشی سپاردوە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی. بۆ ئەم کارەش کۆمسـیۆن دەبێت سـیسـتم و ڕێکاری تایبەت دەربکات بۆ ڕێکخسـتن و ئامادەکردن و نوێکردنەوەو چۆنیەتی تانەلێدان لە تۆماری دەنگدەران. بەڵام نازانرێت ئایا کۆمسیۆن پشت بە کام داتاو زانیاری ببەستێت. بۆ بەرچاوڕونی زیاتر لەو بارەیەوە هەوڵدەدەین شرۆڤەی دەقە یاساکانی پەیوەندیدار بکەین:**

**یەکەم/ لە زنجیرەی یەکەمی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)دا هاتووە (بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێت لە ژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدات لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان – عێراق[١٢]). بە پێی دەقی ماددەی سەرەوە کۆمسیۆن تاکە دەسەڵاتە لە ڕێکخستن و ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.**

**لە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)دا هاتووە (کۆمسیۆن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ) وە لە زنجیرەی پێنجەمی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)دا هاتووە (بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی مافی هەڵبژاردنیان)[١٣]. ناوەڕۆکی ئەم ماددەیەش دووپاتیدەکاتەوە، لەسەر ئەوەی کە کۆمسیۆن تاکە دەسەڵاتە لە ڕێکخستن و ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.**

**دووەم/ لە زنجیرەی یەکەمی ماددەی شەشەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)دا هاتووە (ئەنجوومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادەدەکات)، لە بڕگەی یەکەمی زنجیرەی یەکەم لە ماددەی شەشەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)دا هاتووە (دامەزراندن و نوێکردنەوە و بژاردکردنی تۆماری دەنگدەران لە ڕێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەم مەبەستە )[١٤]**

**سێیەم/ لە زنجیرەی چوارەم لە ماددەی شازدەیەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)دا هاتووە (دەرکردنی پەیڕەوی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە)[١٥]، لێرەدا ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرابوو کە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) ئەرکێکی گران خراوەتە ئەستۆی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی. بێگومان ئامادەکردن و ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران لەحاڵەتێکی وەك ئێستادا کە هیچ داتاو زانیاری باوەڕپێکراو بەردەست نییە، کارێکی سەخت و گرانە و لە ئایندەش کەموو کوڕیەکان بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن.**

---

[١٢]) زنجیرەی (١) ماددەی (٢)می یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان.

[١٣]) زنجیرەی (٥) ماددەی (٤)می یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان.

[١٤]) زنجیرەی (١) ماددەی (٦)می یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان.

[١٥]) زنجیرەی (٤) ماددەی (١٦)می یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان.

## بەشی سێیەم: تۆماری دەنگدەران لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

## یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

**یاسای هەڵبژاردن یەکێکە لە یاسا گرنگ و هەستیارەکانی هەر وڵاتێك، تەنانەت لە هەندێ کاتدا بە دەستوور ناودەبرێت، چونکە لەیاسای هەڵبژاردندا بڕیار دەدرێت لەسەر سیستەم و شێوازی گۆڕینی ژمارەی دەنگەکان بۆ ژمارەی کورسی، دەستەی دەنگدەران، چۆنیەتی دابەشکردنی وڵات بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا، هەروەها لە کاتی ڕودانی تاوانەکانی هەڵبژاردن و دەقنوس کردنی، بەپێی یاسای هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ ئەو تاوانانە دەکرێت. هەمان یاساش بڕیار لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و وردەکاریەکانی دەدات.**

**لەخوارەوە بڕگە و خاڵ و ماددەکانی یاسای هەڵبژاردن پەیوەست بە تۆماری دەنگدەران شرۆڤە دەکەین.**

**یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو:**

**لە ماددەی شەشەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموارکراودا هاتووە (بە یاسایەك دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبردنی کارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تۆماری دەنگدەران ئامادەدەکات، مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دەستنیشاندەکات، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی ڕەوشی هەڵبژاردنەکان دەردەکات، سەرۆك و ئەندامەکانی لیژنەگەلی ناوەندەکانی ناوزەددەکات)[16]. بە گوێرەی دەقی ماددەی سەرەوە کۆمسیۆن (دەستە) تۆماری دەنگدەران ئامادەدەکات، ڕێنمایی دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردن.**

**لەماددەی پانزەهەمی یاسای ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)دا هاتووە (لیستەکانی ناوی دەنگدەران بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن ئامادەدەکرێن و بە پێی پیتی ئەبجەدی ریز دەکرێ و پیشە و ناونیشان و بەروار و شوێنی لە دایکبوونیان تێدا دەنووسرێ، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوا لەو بارەدا هەیئەی باڵا بۆی هەیە، ڕێگایەکی دیکەی لەبار بۆ وەدەستهێنانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە)[17]. لە دەقی ماددەی سەرەوەدا هاتوو کە دەبێت تۆماری دەنگدەران ناو، ناونیشان، پیشە، بەروار و شوێنی لە دایکبوونی تێدا بنوسرێت و لیستەکەش بە پێی پیتی ئەبجەدی ریز دەکرێ، بەڵام ئاماژەی بەوە نەداوە کە دەبێت کۆمسیۆن کام تۆمارو سەرژمێری بکاتە بنەمای ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران، هەروەها لە دەقی ماددەکەدا هاتووە ئەگەر ئەو ڕێگە نەکرا، ڕێگایەکی دیکەی لە بار، بۆ وەدەستهێنانی ئەو مەبەستە بدۆزرێتەوە، ئەم بڕگەیە بەمشێوازە گونجاو نییە لە ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەراندا، چونکە ئەرکی دەوڵەت (هەرێم) لێرەدا دیار و ڕوون نییە، کە تۆماری هاوڵاتیانی نەبێت کەبتوانێت کۆمسیۆن پابەندبکات پێیەوە. هەروەها لە ماددەی شانزەهەمی یاساکەدا هاتووە (دەستەی باڵا، بەلانی کەم (١٥) ڕۆژ پێش ماوەی دیاریکراوی دەنگدان، تۆمارەکان بەسەر مەرکەزەکانی دەنگداندا، لە هەرێمدا دابەشدەکات بۆ ئەوەی لە تابلۆی تایبەت بەم مەبەستە بە هاوڵاتیانی ڕابگەیەنێ بە مەرجێ بە مۆری دەستەی باڵا مۆربکرێن، بەرواری ڕاگەیاندنەکەشی لەسەر بنوسرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە**

[16]) ماددەی (٦)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

[17]) ماددەی (١٥)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

**ماددەی پانزەیەمدا هاتووە)[18]. بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەم ماددەییە رووبەڕووی پرسیارێك دەبینەوە، ئایا چۆن دەکرێت (١٥) رۆژ پێش دەنگدان تۆمارەکان بەسەر ناوەندەکان دابەشبکرێن بۆ دڵنیابوون لە ناوەکانیان و شوێنی دەنگدان، جاگواستنەوەی ناو بێت، یان سڕینەوەی، یاخود زیادکردنی، چونکە کۆمسیۆن لە رووی هونەری و کاتەوە لەم ماوەیەدا ناتوانێت بەم کارە هەستێت، بەپێی ناوەرۆکی ئەم ماددەیە ناتوانرێت کارەکان ئەنجامبدرێن، بۆیە باشتر وایە پێداچوونەوە بەم ماددەیەدا بکرێتەوە بە سوودوەرگرتن لە رای کەسانی شارەزا یان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان، بەڵام گەر مەبەست ئەوە بێت تۆماری کۆتایی ١٥ رۆژ پێش پروسەی دەنگدان بەسەر ناوەندەکاندا دابەشبکرێن تا رادەیەك دەکرێت بەڵام رای کۆمسیۆنیش لە بارەیەوە گرنگە.**

**لە ماددەی هەژدەیەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دا هاتووە (بۆ هەر کەسێك مەرجەکانی دەنگدەری تێدا بێت و تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکرابێت لەخشتەی دەنگدەراندا، دەتوانێت داوای تۆمارکردنی ناوی بکات، بۆ هەر دەنگدەرێك هەیە داوای زیادکردنی ناوی هەر هاوڵاتییەك بکات کە بەناحەق تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکراوە یان داوای زیادکردنی ناوی هەر هاوڵاتییەك بکات کە بەناحەق لەخشتەی دەنگدەراندا سڕدراوەتەوە، لەماوەی دە رۆژدا لەبەرواری بڵاوکردنەوەی خشتەی دەنگدەرانەوە. داواکە، لەگەڵ ڕای لیژنەی مەرکەزی پەیوەندیداری هەڵبژاردن، پێشکەش بە هەیئەی باڵا دەکرێ، هەیئەی باڵاش، لە ماوەیەکدا لە سێ رۆژ نەترازێ کە لە رۆژی پێشکەشکردنی داواکەوە دەستپێدەکا سەیر دەکات و یەکلایی دەکاتەوە[19]). ناوەرۆکی دەقی ماددەی هەژدەیەم ئەو راستیە دووپاتدەکاتەوە کە دژ یەکییەك بەدیدەکرێت لە نێوان ماددەی شانزەهەم و هەژدەهەمدا، چونکە لانیکەم دەبێت تۆماری دەنگدەران بە شێوە کلاسیکیەکەی مانگێك بەر لە وادەی دەنگدان سەرجەم قۆناغەکانی تێپەڕاندبێت و ئامادەکرابێت بۆ چاپکردن، دەکرێت ئاماژە بە تۆماری سەرەتایی و تۆماری کۆتایی بدرێت.**

**لە ماددەی نۆزدەهەمی هەمان یاسای پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە (هەر هاوڵاتیەکی کوردستانی– عێراق چ نێر، چ مێ، بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەم یاسایەدا باسیان لێوەکراوە)[20]. واتە لایەنی پەیوەندیدار پابەندە بە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بە بێ بوونی ویستی دەنگدەر، لە ماددەی بیستەمیشدا هاتووە (مەرجە دەنگدەر هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و هەژدە ساڵی تەواوکردبێت).**

**لە بەرامبەر ساختەکاری لە تۆماری دەنگدەران لەماددەی (٥٧)[21] هاتووە: هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوەی کرد بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێوەردەگیرێ کە لە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (٥٠٠،٠٠٠) هەزار دیناریش زیاتر نەبێ:**

**١– بەئەنقەست ناوێك یا ناوەکان یان سیفاتی قەڵبی لەخشتەی دەنگدەران تۆمارکرد یان بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناوێکی تێدا نەنووسێ.**

[18] ماددەی (١٦)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

[19] ماددەی (١٨)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

[20] ماددەی (١٩)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

[21] ماددەی (٥٧)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

**٢- ناوی خۆی یان ناوی کەسێکی تری بەبێ بوونی مەرجی یاسایی پێویست تۆمارکرد و دەرکەوت کە بەمە دەزانێ و هەر کەسێکی دیکەش کەناوێکی تۆمار نەکرد یان سڕییەوە.**

**لەماددەی پەنجاو نۆدا هاتووە (هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان- عێراق، کە لە دەرەوە دادەنیشن (المقیمین) مافی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق هەیە[٢٢]. بێگومان یاسا مافی دەنگدانی داوە بە هاوڵاتیان بەڵام مەرجی دەنگدەریان تیا فەراهەم بێت، بەڵام بەشدارپێکردنی هاوڵاتیانی دەرەوەی وڵات، بە چ شێوەیەك بەشداریبکەن، چۆن تۆماری دەنگدەرانیان بۆ رێکبخرێت، ئەو لایەنە کێیە کە ئەرکی رێکخستنی وەردەگرێت، پشت بەکام داتا و زانیاری ببەسترێت، ئایا کام بەڵگەنامە بکرێتە بنەما، لە چەند وڵات و شار ناوەندی دەنگدان بکرێتەوە ئەمانە ئەو پرسانەن کە لە دەقی ماددەکەدا بوونیان نییە.**

**لەماددەی شەستی یاسای پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە (پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە) و سوپا، کارمەندانی نەخۆشخانەکان و بەندینخانەکان و حەپس و سجنەکان، لە چەند مەرکەزێکی تایبەت بە خۆیان ئەنجامدەدرێت کە دەستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا دەستنیشانیاندەکات، بە مەرجێ پێش چل و هەشت سەعات لە وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدرێت)[٢٣].**

**دەنگدانی هێزە چەکدارەکان پێش وادەی دەنگدانی گشتی کارێکی باشە بۆ ئەوەی دەستکراوە بن لە رۆژی دەنگدانی گشتیداو ئاسایش و ئارامی وڵات بپارێزن و دەنگدەران بتوانن بەبێ ترس سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان بکەن، بەڵام جیانەکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزە چەکدارەکان لە کات و ساتی خۆیدا کارێکی خوازراو نییە، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە پاڵپشت بە لیستی مووچە تەواوی زانیارییەکان بدات بە کۆمسیۆن بۆ ئەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزە چەکدارەکان بە تەواوی و یەکجاری لە تۆماری گشتی جیابکرێتەوە.**

**لەکۆتایی سەرنج و تێبینیەکانمان سەبارەت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) دەبێت ئاماژە بە زنجیرەی یەکەمی ماددەی بیست و نۆیەم بکەین کە تیایدا هاتووە (لەدوای دڵنیابوونە لە لێهاتووی دەنگدەر، لەوەی هەڵگری رەگەزنامەی عێراقییە، پسوڵەی دەنگدانی ڕادەستدەکرێت و ناوی نیشانە دەکرێت و بۆ پێگوی دیاریکراو بۆ دەنگدان رێنماییدەکرێت)[٢٤]. بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکی ئەو ماددەیە دەبینین کە بوونی رەگەزنامەو هەڵگرتنی لە رۆژی دەنگدان کراوەتە مەرج کە کارتی دەنگدانی پێبدرێت، لەم دەقە یاساییەدا هەست بە مەترسی قەوارەکان دەکرێت لە ڕاستی و دروستی تۆماری دەنگدەران، لە هەمانکاتدا دژیەکییەك بەدیدەکرێت بەوەی کە مەرجە دەنگدەر سەرەڕای هەبوونی مەرجەکانی دەنگدەر ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا هەبێت و لە رۆژی دەنگدان رەگەزنامە عێراقی پێبێت. کە دەبوایە لە بنچینەدا لە کاتی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران رەگەزنامەی عێراقی بکرایەتە بنەما بۆ تۆمارکردنی ناوی هاوڵاتیان.**

---

[٢٢] ماددەی (٥٩)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

[٢٣] ماددەی (٦٠)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

[٢٤] زنجیرەی (١) ی ماددەی (٢٩)یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

## بەشی چوارەم: یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان –عێراق یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩)

**یەکەم: ئەنجومەنی پارێزگا و تایبەتمەندییەکانی:** لە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٣) **یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان** دا هاتووە (ئەنجومەنی پارێزگا لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ پێکدەهێنرێت و لە (٢٥) ئەندام پێکدێ بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەس لەوانەی زیاددەبن لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەس ئەندامێکی تر دەخرێتە سەر بەپێی نوێترین سەرژمێری باوەڕ پێکراو، بەمەرجێك لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەك بێت کەڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە (٣٠٪) ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ)[٢٥].

ئەوەی جێگەی سەرنجدانە لە ناوەرۆکی ئەو ماددە یاساییەدا دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە پشتبەستن بە (نوێترین سەرژمێری باوەڕپێکراو)، نازانرێت مەبەستی لە سەرژمێری باوەرپێکراو چییە، ئەم ئامارە فەرمییە کێ ئامادەیدەکات، کام لایەنەیە وەك ئاماری فەرمی پەسەندیدەکات.

**دووەم:** ئەگەر بۆ دیارکردنی ژمارەی کورسییەکان نوێترین ئامار بکرێتە پێوەر، کەواتە دەبوایە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش وەك کارێکی لە پێشینە بۆ تۆماری دەنگدەرانیش ئاماژە بە سەرژمێری باوەر پێکراو بکرایە، بۆ ئەوەی کۆمسیۆن پابەندبوونی خۆی بە یاسا دوو پات بکردایەتەوە لە ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

## بەشی پێنجەم: تۆماری دەنگدەران و یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٠٩)، یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق

لە زنجیرەی هەشتەم ونۆیەمی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)دا هاتووە: (مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان بۆ مەبەستی ئەم یاسایە. زنجیرەی هەشتەم: تۆماری بەرایی دەنگدەران: ئەو تۆمارەیە کەناو و داتای دەنگدەرانی تێدایە، لە لایەن دەستەوە ئامادەدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە بۆ بینینی و پێشکەشکردنی تانە لەبارەیەوە[٢٦]

بە سەرنجدان لە ناوەرۆکی ئەو بڕگەیە دوور و نزیك باس لەو داتا فەرمیانە ناکات کە کۆمسیۆن بیانکاتە بنەمای کارکردنی لە ئامادەکردن و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا. لە زنجیرەی نۆیەمدا هاتووە: (تۆماری کۆتایی دەنگدەران: تۆمارێکە بۆ ناوو داتای دەنگدەران قابیلی تانە لێدان نییە، کە لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی پەڵپگرتن، بڵاودەکرێتەوە).

---

[٢٥]) ماددەی (٤) یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

[٢٦]) زنجیرەی (٨ -٩) ی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – هەموارکراو، ئەم بڕگەیە بەپێی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠١١ هەموار کراوە.

**ماددەی سـێیەمی یاسـای ژمارە (٤) یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان مەرجەکانی دەنگدەری باسکردوە بەمشێوەی خوارەوە[٢٧]:**

**یەکەم: بەرەگەزنامە عێراقی بێت.**

**دووەم: شیاوی تەواوی هەبێت.**

**سێیەم: (١٨) هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواوکردبێت.**

**چـوارەم: تەنها لەتۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدادەکرێت تۆمارکرابێت بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی لە دەستەوە دەردەچن.**

**بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە، دەنگدەر مافی بەشـداریکردنی بەسـتراوەتەوە بە بوونی ناوی لە تۆماری دەنگدەرانی پارێزگاکەی، بەڵام لەچـۆنیەتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران باس لە داتای فەرمی و پشـت پێبەستراو نەکراوە، جگە لەوەی کە مەرجی رەگەزنامەی کردوەتە بنەما کە خۆی لە بنەڕەتدا مافی هەر هاوڵاتییەك بەندە بە بوونی رەگەزنامەی وڵاتەکە. بەڵام لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران ئەرکی دەزگاکانی هەرێمی تێدا ونە.**

**لەماددەی چـوارەمی یاسـای ژمارە (٤)ی سـاڵی (٢٠٠٩)دا پێداگیری لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو هاوڵاتیان مافی دەنگدانیان هەیە، کە مەرجەکانی دەنگدەریان تێدا فەراهەمبێت. واتە بە بێ ویسـتی دەنگدەر ئەو مافە فەراهەمکراوە وەك لە دەقی زنجیرەی یەکەمی ماددەی چوارەمدا هاتووە: (هەڵبژاردن مافی هەموو هاوڵاتیەکە کە ئەو مەرجانەی لێ بێتەدی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە)[٢٨].**

**لەماددەی بیسـت و چـوارەمی یاسـای ژمارە (٤) سـاڵی (٢٠٠٩)دا هاتووە: (هەر کەسـێك ئەمانەی خوارەوەی ئەنجامدا بۆ ماوەیەك بەنددەکرێ کە لە (٦) شـەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشـی لێوەردەگیرێ کە لە (١٠٠،٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و ( ٥٠٠،٠٠٠ ) پێنچ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێ**

**یەکەم: بەئەنقەسـت ناوێك یان سـیفەتی قەڵب لە تۆماری دەنگدەران دابنێت یاخود بە ئەنقەسـت ناوێك بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابنێت.**

**دووەم: هەر کەسـێك ناوی خۆی یان ناوی غەیری خۆی بەبێ بوونی مەرجی پێویسـتی یاسـایی تۆمارکرد و دەرکەوت کە بەمە دەزانێ و هەر کەسێکیش ناوێکی تری دانەنا یاخود لایبدات.**

[٢٧]) ماددەی (٣)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – هەموارکراو.

[٢٨]) ماددەی (٤)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – هەموارکراو.

## بەشی شەشەم: تۆماری دەنگدەران و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم:

**لەماددەی شەشەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموار کراودا هاتووە، تۆماری دەنگدەران: (دەبێ هەڵبژێر ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراودا هاتوون[٢٩]. بەو واتایە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران جێبەجێدەکرێن[٣٠].**

## بەشی حەوتەم: تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان.

**بنەمەیەکی یاسایی هەیە دەڵێت ((ڕادان) نابێت لەکاتی بونی دەقێکدا). گومانی تیا نییە لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی جیا جیا بونیان هەیە، خۆشبەختانە بنەمای پێکەوە ژیان لە کوردستاندا خاڵێکی پرشنگدارە کە هەموو لایەك شانازی پێوەدەکەن. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەموکوڕی نییە لە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە ناو لیستی حزبە کوردستانییەکاندا. بۆ چارەسەری ئەم گرفتە وەك چۆن زۆربەی وڵاتان پەنایان بۆ کورسی کۆتا برد، لە هەرێمی کوردستانیش ئەم پرسە بەکۆتا چارەسەری بۆ دۆزرایەوە، بە پێی دەقی ماددەی (٣٦)ی دووبارە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، کورسی پێکهاتەکان بەمشێوە تەرخانکراون: بۆ پێکهاتەی تورکمان پێنج کورسی، پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری پێنج کورسی، بۆ پێکهاتەی ئەرمەن یەك کورسی.**

**بەپێی دەقی ماددەی (٣٢)ی دووبارە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەی هەموار کراو، کورسی بۆ پێکهاتەکان بەمشێوە تەرخانکراون لە پارێزگای هەولێر (٢) کورسی بۆ سریان کلدان ئاشوری، (٣) کورسی بۆ تورکمان) لە پارێزگای سلێمان (١) کورسی بۆ پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری، لە پارێزگای دهۆك (٢) کورسی بۆ پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری، (١) کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن[٣١].**

**دەکرێت لێرەدا بپرسین ئایا مەبەست لە کورسی کۆتای پێکهاتەکان چییە؟ بێگومان وەڵامەکەی روونە، کورسی کۆتای پێکهاتەکان ئەو کورسییەیە کە بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەستنیشاندەکرێت بۆ ئەوەی دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك دەنگ بۆ کاندیدانی خۆیان بدەن و کاندیدی راستەقینەی خۆیان دەستنیشانبکەن. واتە نوێنەری هەر پێکهاتەیەك تەنها بەدەنگی پێکهاتەکەی خۆی بگاتە نوێنەرایەتی لە پەرلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پرسە بەکراوەیی هێڵدرایەوە تا ڕادەیەك ڕاوبۆچوونی جیاجیای لەسەر دروستبوو، گومان لە حیکمەتی بوونی کورسی کۆتاکان هاتە ئارا، بەوەی چۆن دەبێت دەنگدەری ئەو پێکهاتانەی دەنگدەریان زۆرە**

---

[٢٩] ماددەی (٦)یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو.

[٣٠] یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)یساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

[٣١] ماددەی (٣٢) دووبارە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – هەموارکراو .

**بتوانن دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەکانی تریش بدەن. ئەمەش وایکرد کە ئەم پرسە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی نەپێکێ. ئەوەی جێگای نیگەرانییە زۆرجار لە لایەن قەوارە گەورەکان تا رادەیەك ئەم پرسە قۆستراوەتەوە و ناکۆکی و دەنگی جیای دروستکردوە.**

**بۆ ئەوەی حیکمەتی تەرخانکردنی کورسی کۆتا ئامانجی خۆی بپێکێ، گرنگە کە تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان جیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی رۆڵەکانی هەر پێکهاتەیەك ئازادانە بتوانن تەنها دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەی خۆیان بدەن و نوێنەرانی پێکهاتەکەش نوێنەرایەتی ڕاستەقینەیان بکەن. هەر چەندە لە خاڵی پێنجەمی ماددەی (٣٢)ی دووبارە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا ئاماژە دراوە بەوەی کە دەنگدەرانی هەر پێکهاتەك دەنگ بە پاڵێوراوانی پێکهاتەی خۆیان بدەن، بەڵام بە پێی دەقی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) کارکردن بەم بڕگەیە راگیرا لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا.**

## دەرئە نجامەکانی ئەم توێژینەوەیە

**پاش تاوتوێکردنی یاسا پەیوەندیدارەکانی بواری هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران، هەروەها پشت بەستوو بەئەزموونی ڕابردوومان لەبواری هەڵبژاردندا، لەخوارەوە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەکورتی و پوختی دەخەینەڕوو:.**

**یەکەم: بەسەرنجدان لە ناوەرۆکی یاسای کۆمسیۆن دەردەکەوێت کە بە وردی باس لە تۆماری دەنگدەران نەکراوە، لە هەمانکاتدا ئاماژەی بەوە نەکردوە کە کۆمسیۆن لە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا پشت بە کام داتا و بەڵگەنامەکانی وڵات ببەستێت. لێرەدا هەست بە کەموکورییەکی زۆر گەورە دەکرێت، چونکە کۆمسیۆن دەبێت لە ئامادەکردن و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران پشت بە سەرژمێرییەکی پشتڕاستکراوە ببەستێت، بۆ ئەوەی نەبێتە شوێنی تانەلێدان لە لایەن قەوارە سیاسیەکان و چاودێران و ڕێکخراوەکانی بواری هەڵبژاردن. جا ئاماری سەرژمێری گشتی یان زانیارییەکانی فەرمانگەکانی تۆماری باری کەسیەتی هەرێمی کوردستان بن.**

**دووەم: لەیاسای کومسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی دا، ئەنجوومەنی کۆمسیاران سەر پشککراوە لە گرتنەبەری ڕێگەو شێوازی تازە بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، چۆنیەتی ئامادەکردن و نوێکردنەوەشی سپاردوە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی. بۆ ئەم کارەش کۆمسیۆن دەبێت سیستم و ڕێکاری تایبەت دەربکات بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردن و نوێکردنەوەو چۆنیەتی تانەلێدان لە تۆماری دەنگدەران. بەڵام نازانرێت ئایا کۆمسیۆن پشت بە کام داتاو زانیاری ببەستێت، هەروەها ناوەڕۆکی زنجیرەی پێنجەمی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) دووپاتیدەکاتەوە، لەسەر ئەوەی کە کۆمسیۆن تاکە دەسەڵاتە لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران. لە ماددەی شەشەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی**

**کوردستان هەموارکراودا هاتووە دەستەی بالآ تۆماری دەنگدەران ئامادەدەکات، رێنمایی دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردن، هەروەها پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکات بە شێوەیەك لە هەر شوێنێ دەستەی بالآ هاتبێت بکرێتە کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، چونکە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) بەناوی کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەرچوێندراوە.**

**سێیەم: لەماددەی پانزەهەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)دا هاتووە کە دەبێت تۆماری دەنگدەران ناو، ناونیشان، پیشە، بەروار و شوێنی لە دایکبوونی تێدا بنوسرێت و لیستەکەش بە پێی پیتی ئەبجەدی ریز دەکرێ، بەلآم ئاماژەی بەوە نەدراوە کە دەبێت دەستە (کۆمسیۆن)کام تۆمار و سەرژمێری بکاتە بنەمای رێکخستنی تۆماری دەنگدەران، هەروەها لە دەقی ماددەکەدا هاتووە ئەگەر ئەو رێگە نەکرا، رێگایەکی دیکەی لەبار، بۆ وەدەستهێنانی ئەو مەبەستە بدۆزرێتەوە، ئەم برگەیە بەمشێوازە گونجاو نییە لە رێکخستنی تۆماری دەنگدەراندا، چونکە ئەرکی دەوڵەت (هەرێم) لێرەدا دیاروو ڕوون نیە، کە تۆماری هاولآتیانی نەبێت کەبتوانێت کۆمسیۆن پابەندبکات پێیەوە. هەروەها بە سەرنجدان لە ناوەرۆکی ماددەی شانزەهەمی یاساکەدا رووبەروی پرسیارێ ئەبینەوە، ئایا چۆن دەکرێت <u>(١٥) رۆژ پێش دەنگدان تۆمارەکان بەسەر ناوەندەکان دابەشبکرێن بۆ</u> دڵنیابوون لە ناوەکانیان و شوێنی دەنگدان، جا گواستنەوەی ناو بێت، یان سڕینەوەی، یاخود زیادکردنی، چونکە لەم ماوەیەدا کۆمسیۆن ناتوانێت بەم کارە هەستێت، لە رووی هونەری و کاتەوە، لە تواناداا نابێت بەپێی ناوەرۆکی ئەم ماددەیە کارەکان ئەنجامبدرێن، بۆیە باشتر وایە پێداچوونەوە بەم ماددەیەدا بکرێتەوە بە سوودوەرگرتن لە رای کەسانی شارەزا یان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم کارە دەکرێت لە قۆناغی تۆماری سەرەتایی ئەنجامبدرێت، بەلآم گەر مەبەستی ئەوە بێت کۆمسیۆن تۆماری کۆتایی بگەیەنێتە ناوەندەکان (١٥) پانزە رۆژ پێش وادەی دەنگدان ئەمەش کارێکە ئەنجامدانی ئاسان نییە و لەگەڵ رێککارەکانی کۆمسیون نایەتەوە.هەروەهالە ماددەی هەژدەیەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا مافی داوە بە هاولآتیان بۆ هەر کەسێك مەرجەکانی دەنگدەری تێدا بێت و تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکرابێت لەخشتەی دەنگدەراندا، دەتوانێت داوای تۆمارکردنی ناوی بکات، بۆ هەر دەنگدەرێك هەیە داوای زیادکردنی ناوی هەر هاولآتیەك بکات کە بەناحەق تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکراوە یان داوای زیادکردنی ناوی هەر هاولآتیەك بکات کە بەناحەق لەخشتەی دەنگدەراندا سڕدراوەتەوە، لەماوەی (١٠) دە رۆژدا لەبەرواری بلآوکردنەوەی خشتەی دەنگدەرانەوە. داواکە، لەگەڵ ڕای لیژنەی مەرکەزی پەیوەندیداری هەڵبژاردن، پێشکەش بە هەیئەی بالآ دەکرێ، هەیئەی بالآش، لە ماوەیەکدا لە سێ رۆژ نەترازێ کە لە رۆژی پێشکەشکردنی داواکە وە دەستپێدەکا سەیریدەکا و یەکلاییدەکاتەوە). ناوەرۆکی دەقی ماددەی هەژدەیەم ئەو راستیە دووپاتدەکاتەوە کە دژ یەکییەك بەدیدەکرێت لە نێوان ماددەی شانزەهەم و هەژدەهەمدا، چونکە لانیکەم دەبێت تۆماری دەنگدەران بە شێوە کلاسیکیەکە مانگێك بەر لە وادەی دەنگدان سەرجەم قۆناغەکانی تێپەڕاندبێت و ئامادەکرابێت بۆ چاپکردن، دەکرێت ئاماژە بە تۆماری سەرەتایی و تۆماری کۆتایی بدرێت.**

**چوارەم: بە پێی دەقی ماددەی نۆزدەهەمی یاسای پەرلەمانی کوردستاندا هەر هاولآتیەکی کوردستانی– عێراق چ نێر، چ مێ، بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەم یاسایەدا باسیان لێوەکراوە واتە لایەنی پەیوەندیدار پابەندە بە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بە بێ بوونی ویستی دەنگدەر، بەو**

مەرجەی دەنگدەر هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و هەژدە ساڵی تەواوکردبێت وەك لە ماددەی بیستەمیشداهاتووە.

**پێنجەم:** لەماددەی پەنجاو نۆدا هاتووە (هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان– عێراق، کە لە دەرەوە دادەنیشن (المقیمین) مافی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق هەیە. بێگومان یاسا مافی دەنگدانی داوە بە هاولاتیان بەلام مەرجی دەنگدەریان تیا فەراهەمبێت، بەلام بەشداریپێکردنی هاولاتیانی دەرەوەی ولات، بە چ شێوەیەك بەشداریبکەن، چۆن تۆماری دەنگدەرانیان بۆ رێکبخرێت، ئەو لایەنە کێیە کە ئەرکی رێکخستنی وەردەگرێت، پشت بەکام داتاو زانیاری ببەسترێت، ئایا کام بەڵگەنامە بکرێتە بنەما، لە چەند ولات و شار ناوەندی دەنگدان بکرێنەوە ئەمانە ئەو پرسانەن کە لە دەقی ماددەکەدا بوونیان نییە کە پێویستە ئەم پرسە لە یاسادا بە روونی ئاماژەیان پێبدرێت.

**شەشەم:** پرسی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت وەك لەماددەی شەستی یاسای پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە دەنگدانی هێزە چەکدارەکان پێش وادەی دەنگدانی گشتی کارێکی باشە بۆ ئەوەی دەستکراوە بن لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا و ئاسایش و ئارامی ولات بپارێزن و دەنگدەران بتوانن بەبێ ترس سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان بکەن، بەلام جیا نەکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزە چەکدارەکان لە کات و ساتی خۆیدا کارێکی خوازراو نییە، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە پالپشت بە لیستی مووچە تەواوی زانیاریەکان بدات بە کۆمسیۆن بۆ ئەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزە چەکدارەکان بە تەواوی و یەکجاری لە تۆماری گشتی جیابکرێتەوە.

**حەوتەم:** بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکی زنجیرەی یەکەمی ماددەی بیست و نۆیەم دەبینین کە بوونی رەگەزنامەو هەڵگرتنی لە رۆژی دەنگدان کراوەتە مەرج کە کارتی دەنگدانی پێبدرێت، لەم دەقە یاساییەدا هەست بە مەترسی قەوارەکان دەکرێت لە ڕاستی و دروستی تۆماری دەنگدەران، لە هەمانکاتدا دژیەکییەك بەدیدەکرێت بەوەی کە مەرجە دەنگدەر سەرەڕای هەبوونی مەرجەکانی دەنگدەر ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا هەبێت و لە رۆژی دەنگدان رەگەزنامە عێراقی پێبێت. کە دەبوایە لە بنچینەدا لە کاتی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران رەگەزنامەی عێراقی بکرایەتە بنەما بۆ تۆمارکردنی ناوی هاولاتیان.

**هەشتەم:** ئەوەی جێگەی سەرنجدانە لە ناوەرۆکی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٣)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەستوتەوە بە(نوێترین سەرژمێری باوەڕپێکراو)، نازانرێت مەبەستی لە سەرژمێری باوەڕپێکراو چییە؟، ئەم ئامارە فەرمییە کێ ئامادەیدەکات، کام لایەنە یەسەندیدەکات وەك ئاماری فەرمی، ئەگەر بۆ دیارکردنی ژمارەی کورسییەکان نوێترین ئامار بکرێتە پێوەر، کەواتە ئەبوایە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش وەك کارێکی لە پێشینە بۆ تۆماری دەنگدەرانیش ئاماژە بە سەرژمێری باوەڕپێکراو بکرایە، بۆ ئەوەی کۆمسیۆن پابەندبوونی خۆی بە یاسا دووپات بکردایەتەوە لە رێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

**نۆیەم:** لە زنجیرەی هەشتەم ونۆیەمی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق باسی تۆماری بەرایی دەنگدەران دەکات، کە ئەو تۆمارەیە ناو و داتای دەنگدەرانی تێدایە، لە لایەن دەستەوە ئامادەدەکرێت و بلاودەکرێتەوە بۆ

بینینی و پێشکەشکردنی تانە لەبارەیەوە بەڵام بە سەرنجدان لە ناوەرۆکی ماددەکە دوور و نزیك باس لەو داتا فەرمیانە ناکات کە کۆمسیۆن بیانکاتە بنەمای کارکردنی لە ئامادەکردن و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا..

**دەیەم:** سەبارەت بە مەرجەکانی دەنگدەر وەك لە ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە (٤)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان دا هاتووە، دەنگدەر مافی بەشداریکردنی بەستراوەتەوە بە بوونی ناوی لە تۆماری دەنگدەرانی پارێزگاکەی، بەڵام لەچۆنیەتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران باس لە داتای فەرمی و پشت پێبەستراو نەکراوە، جگە لەوەی کە مەرجی ڕەگەزنامەی کردوەتە بنەما کە خۆی لە بنەڕەتدا مافی هەر هاوڵاتیەك بەندە بە بوونی ڕەگەزنامەی وڵاتەکە. بەڵام لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران ئەرکی دەزگاکانی هەرێمی تێدا ونە.

**یانزەیەم:** لەماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)دا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو هاوڵاتیان مافی دەنگدانیان هەیە، کە مەرجەکانی دەنگدەریان تێدا فەراهەمبێت. واتە بە بێ ویستی دەنگدەر ئەو مافە فەراهەمکراوە وەك لە دەقی زنجیرەی یەکەمی ماددەی چوارەمدا هاتووە: (هەڵبژاردن مافی هەموو هاوڵاتییەکە کە ئەو مەرجانەی لێ بێتەدی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە).

**دوانزەیەم:** لەماددەی شەشەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراودا هاتووە، تۆماری دەنگدەران: (دەبێ هەڵبژێر ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراودا هاتوون. بەو واتایە حوکمەکانی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، جێبەجێدەکرێن، سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم.

**سیانزەیەم:** بنەمایەکی یاسایی هەیە دەڵێت ((ڕادان) نابێت لەکاتی بونی دەقێکدا). گومانی تیا نییە لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی جیا جیا بونیان هەیە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەموکوڕی نییە لە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە ناو لیستی حزبە کوردستانییەکاندا. لە هەرێمی کوردستانیش ئەم پرسە بە کۆتا چارەسەری بۆ دۆزرایەوە، بە پێی دەقی ماددەی (٣٦)ی دووبارە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، کورسی پێکهاتەکان بەمشێوە تەرخانکراون: بۆ پێکهاتەی تورکمان پێنج کورسی، پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری پێنج کورسی، بۆ پێکهاتەی ئەرمەن یەك کورسی. بەپێی دەقی ماددەی (٣٢)ی دووبارە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەی هەموارکراو، کورسی بۆ پێکهاتەکان بەمشێوە تەرخانکراون لە پارێزگای هەولێر (٢) کورسی بۆ سریان کلدان ئاشوری، (٣) کورسی بۆ تورکمان) لە پارێزگای سلێمانی (١) کورسی بۆ پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری)، لە پارێزگای دهۆك (٢) کورسی بۆ پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری، (١) کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن). دەکرێت لێرەدا بپرسین ئایا مەبەست لە کورسی کۆتای پێکهاتەکان چییە؟ بێگومان وەڵامەکەی روونە، کورسی کۆتای پێکهاتەکان ئەو کورسییە کە بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەستنیشاندەکرێت بۆ ئەوەی دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك دەنگ بۆ کاندیدانی خۆیان بدەن و کاندیدی راستەقینەی خۆیان دەستنیشانبکەن. واتە نوێنەری هەر پێکهاتەیەك تەنها بەدەنگی پێکهاتەکەی خۆی بگاتە

**نوێنەرایەتی لە پەرلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پرسە بەکراوەیی هێڵرایەوە تا ڕادەیەك ڕاو بۆ چوونی جیاجیای لەسەر دروستبوو، گومان لە حیکمەتی بوونی کورسی کۆتاکان هاتە ئارا، بەوەی چۆن دەبێت دەنگدەری ئەو پێکهاتانەی دەنگدەریان زۆرە بتوانن دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەکانی تریش بدەن. ئەمەش وایکرد کە ئەم پرسە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی نەپێکێ. ئەوەی جێگای نیگەرانییە تا ڕادەیەك ئەم پرسە قۆستراوەتەوە و ناکۆکی و دەنگی جیای دروستکردوە. بۆ ئەوەی حیکمەتی تەرخانکردنی کورسی کۆتا ئامانجی خۆی بپێکێ، گرنگە کە تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان جیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی هەر پێکهاتەیەك ئازادانە بتوانن تەنها دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەی خۆیان بدەن و نوێنەرانی پێکهاتەکەش نوێنەرایەتی ڕاستەقینەیان بکەن. هەر چەندە لە خاڵی پێنجەمی ماددەی (٣٢)ی دووبارە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا ئاماژە دراوە بەوەی کە دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك دەنگ بە پاڵێوراوانی پێکهاتەی خۆیان بدەن، بەڵام بە پێی دەقی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) کارکردن بەم بڕگەیە ڕاگیرا لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا، هەروەها لەیاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو، باس لە تۆماری دەنگدەران نەکراوە بۆ پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان

**پاش خستنەڕووی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەخوارەوە پوختەی پێشنیار و ڕاسپاردەکانمان دەخەینەڕوو، بەمەبەستی سوود لێوەرگرتنی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و قەوارە سیاسیەکان و ئەنجومەنی کۆمسیارانی هەرێمی کوردستان، تا بتوانن لەداهاتوودا تۆماری دەنگدەران بەشێوەیەکی باشتر و زانستیانەتر ئامادەبکەن، کەجێگای متمانەی هەمووان بێت:**

**یەکەم: پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کاربکەن بۆ ئەوەی سەرژمێری گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت، بە مەبەستی دەستخستنی داتایەکی فەرمی و باوەڕپێکراو تا کۆمسیۆن بیکاتە بنەما بۆ تۆماری دەنگدەران. هەروەها بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسی ئەنجومەنەکان بیکات بەپێوەر.**

**دووەم: دانانی پرۆژەیەکی ستراتیجی هاوبەش لە لایەن کۆمسیۆن و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، ئەمەش بە دەرکردنی بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان پابەندبکات کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەردانی ناوەندەکانی نوێکردنەوەی کارتی زانیاری بکەن. ئەم کارتە بکرێتە بنەمایەك کە پەنجەمۆر و وێنە و تەوای زانیارییەکانی هاوڵاتیان لە خۆبگرێت. هەر هاوڵاتییەك ئەم کارتەی نەبێت هیچ مامەڵەیەکی بۆ ڕایینەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا. پاشتر لە ڕێگەی لینکێکەوە ئەم داتاو زانیاریانە بەفەرمی بدرێتە کۆمسیۆن بۆ ئەوەی کۆمسیۆن ئەو داتا فەرمیانە بکاتە بنەما بۆ ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، چونکە دامەزراوەکانی هەرێم مافی سەرژمێری گشتیان نییە، بە پێی دەقی زنجیرەی نۆیەم لە ماددەی (١١٠)ی دەستوری**

کۆماری عێراقی ئیتتحادی. هەروەها ئەزمونی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کەکۆمسیۆن ئەو هێزەی نیە هاوڵاتیان پابەند بکات.

**سێیەم:** لەحاڵەتی جێبەجێکردنی خاڵی دووەمدا، یاسای کۆمسیۆن و یاساکانی هەڵبژاردن (یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، یاسای پارێزگاکان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) هەمواربکرێنەوە کە ئەم داتا فەرمیەی کە پەرلەمان پەسەندیکردوە ببێتە بنەما بۆ تۆماری دەنگدەران، وە کۆمسیۆن پابەندبکرێت بە کارکردن بەم تۆمارە، برگە و مادده پەیوەندیدارەکانی تۆماری دەنگدەرانیش داڕشتنەوەی بۆ بکرێت.

**چوارەم:** کۆمسیۆن لای خۆی سالانە داتاکانی نوێبکاتەوەو و کارتی دەنگدەر لەسەر ئەم بنەمایە بدات بەدەنگدەرانی، بەمجۆرە کات و داهاتێکی زۆر بە فیڕۆنادرێت، کۆمسیۆنیش کارتی دەنگدەران بە پێی پێشکەوتووترین سیستمی کارتی زیرەکی کار پێکراو ئامادەبکات، لە ڕێگەی نێتۆرکەوە بیانبەستێتەوە پێکەوە، ئەمەش پێویستی بەبودجەو کۆدەنگی قەوارە سیاسیەکانە.

**پێنجەم:** لەیاساکانی هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان) کۆمسیۆن و لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەندبکرێن بە ئامادەکردن و جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و هێزە چەکدارەکان بە پێی هەمان ڕێکارییەکانی تۆماری گشتی.

**شەشەم:** سەبارەت بە تۆماری دەنگدەرانی رەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات بە پێی میکانیزمێك لە کوردستان کارتی زانیاریان بۆ دەربهێنرێت، تا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی داتا و زانیاری ورد و گونجاو لەسەر رەوەندی کوردی لە وڵاتانی جیهاندا، ئەم کارەش دوای ڕاوێژ بەکەسانی پسپۆڕ و پلانی وردەکرێت. دەکرێت لە یاساکانی هەڵبژاردنیشدا شوێنی بۆ بکرێتەوە. لەبەر رۆشنایی ئەم زانیاریانە و بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان، کۆمسیۆن دەتوانێت مافی بەشداربوون بۆ هاوڵاتیانی لە دەرەوەی وڵات دەستەبەر بکات.

**حەوتەم:** دەکرێت پشت بە کارتی نیشتمانی ببەسترێت کە ئێستا لە لایەن حکومەتی عێراق کاری لەسەر دەکرێت، بەو مەرجەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت و جێگای متمانەی هەمووان بێت.

**هەشتەم:** کومسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم، بە هاوکاری هاوبەشەکانی پرۆژەیەك پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات، کە تۆمارێکی نوێ ئامادەبکات بە پێی پێشکەوتوترین تەکنەلۆجیای سەردەم، بۆ ئەوەی پرۆژەکە پەسندبکرێت و حکومەتی هەرێم پابەندبێت بە دابینکردنی بودجە و هاوکاری مرۆیی و لۆجستی بۆ سەرخستنی پرۆژەکە.

**نۆیەم:** جەختکردنەوە لە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی و دەرهێنانی کارتی نیشتمانی بۆ هاوڵاتیان، پاشان پابەندکردنی کۆمسیۆن بە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و کارتی دەنگدەران، لەبەر رۆشنای داتا فەرمییەکان.

**دەیەم:** زیادکردنی ماددەیەکی تایبەت لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەموارکراو، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان، بە جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەی تورکمان و پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری

و ئەرمەنی، هەروەها پابەندکردنی کۆمسیۆن بە ئامادەکردنی تۆماری تایبەت بە پێکهاتەکان، لە پێناو نەهێشتنی گومان و بەرجەستەکردنی حیکمەتی دانانی کۆتا بۆ پێکهاتەکان.

**یانزەیەم:** رێکخستنی ئالیەت و شێوازی پەیوەندی نێوان کۆمسیۆن و دەستەی ئامار و بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان.

**دوانزەیەم:** رێکخستنی پەیوەندی نێوان وەزارەتی تەندروستی و کۆمسیۆن لەسەر ئالیەت و شێوازی سڕینەوەی ناوی مردووان لە تۆماری دەنگدەران ئەویش لە رێگەی فۆرمێکی تایبەت دەبێت کە کۆمسیۆن و وەزارەتی تەندروستی بە یەکەوە ئامادەیبکەن.

**سیانزەیەم:** وردەکارییەکانی رێکاری تۆماری دەنگدەران لە یاساکانی هەڵبژاردن ئاماژەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی کۆمسیۆن پابەندبێت پێیەوەو قەوارەکانیش دڵنیابن لە رێکارییەکانی کۆمسیۆن.

**چواردەیەم:** هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی پارێزگاکان) کە لە هەرشوێنێك ناوی دەستەی باڵای هەڵبژاردن هاتبێت بکرێت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

**پانزەیەم:** کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران کار لەسەر بنەمای ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران بەشێوازی بەردەوام بکات نەك تۆماری کاتی بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب بەکوردی**

- د. خامۆش عمر، چوارچێوەی دەستوری و یاسای هەڵبژاردن، ل١٧

**کتێب بە عەرەبی:**

١- د. سعاد الشرقاوی – د.عبدللة ناصف، النظم الانتخابات فی العالم و المصر – الطبة الثانية – دار النهضة القاهيرة ١٩٩٤ ص ⁄١٣-١٤.

٢- بنا الثقة فی عملية تسجيل الناخبين – دليل مهعدالديقراطی ص ١٠ ⁄

٣- د.عبدالغنی البسيونی عبدللة،النظم السياسی الدار الجامعة للطباعة والنشر ت ⁄٢٣٠

٤- الوردی ابراهيمی، النظام القانونی للجرائم الانتخابية – دراسة مقارنة، دار الفكر الجامعی الاسكندرية،٢٠٠٨ ص ٤٠

٥- الان وول،أندرو ولسن، أيمن ايوب،كارل دنداس، جوارم روكامی، سارا ستينو، أشكال الادارة الانتخابية، دليل الموسسة الدولية للديقراطة و الانتخابات.

**دەستور و یاسا و بەڵگەنامەکان:**

١- راگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ.

٢- بنەما نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵبژاردنی ئازادو پاك،پاریس ساڵی ١٩٩٤،

٣- پەیماننامەی نیودەوڵەتی بۆ مافە سیاسی و مەدەنیەکان ساڵی ١٩٦٦

٤- دەستووری کۆماری عێراقی ئیتتحادی.

٥- یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان.

٦- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٧- یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٨- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – هەموارکراو.

٩- یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو.

١٠- یاساو رێسای نویکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ساڵی ٢٠٠٤.

١١- پەیرەوی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕوو تانەکان بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٩).

١٢- یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران.

**ماڵپەرەکان: سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان**

١- ماڵَثەری کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەلَبذاردن -ئیتتحادی

٢- http://www.ihec.iq/ftpar/kurdish-page/kurdistan-election/system-kuristan/sys1.pdf

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**یاساو رێسای نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)ی کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن کارپێکرد:**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق**

**بە پشتبەستن بەیاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای پارت و قەوارە سیاسیەکان (فەرمانەکانی ٩٢، ٩٦، ٩٧ ی نوسراو بە مێژووەکانی ٢٠٠٤/٦/٥،١٥/٣١ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە) بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسا و رێسایەی خوارەوەمان دا:**

**یاسا و ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٤)** [٣٠]

**تۆمارکردنی دەنگدەران**

**(پێشەکی)**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بە فەرمانی ژمارە (٩٢)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە (٢٠٠٤/٥/٣١)دا پێکهێنراوە بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵاتی هەڵبژاردن لەعێراقدا، کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆی ناحزبییە خۆی خۆی بەڕێوەدەبات و سەر بە دەوڵەتە، بەڵام لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریی سەربەخۆیە و بەهێزی رەهای یاسا دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەو پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی یاسا و رێسا و بنەما و رێوشوێنە پەیوەستدارەکان بەهەڵبژاردنی لەماوەی قۆناغی گواستنەوەدا هەیە.**

**بەشی یەکەم**

**(زاراوەکان)**

**١. یاسای بەڕێوەبردنی گواستنەوە: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە بۆ قۆناغی گواستنەوە.**

**٢. ماوەی گواستنەوە: ئەو ماوەیەیە کە لە گواستنەوەی دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا پێکهێنانی حکومەتی عێراقی هەڵبژێردراو بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی.**

**٣. کۆمسیۆن: مانای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق دەگەیەنێت.**

**٤. ئەنجومەنی نیشتیمانی: ئەنجومەنی نیشتیمانی حکومەتی گواستنەوەی عێراق دەگەیەنێت وەك ئەوەی لەیاسای بەرێوەبردنی گواستنەوەدا هاتووە.**

**٥. تۆمارگە (یان تۆمار)ی دەنگدەر: ئەو لیستە دەگەیەنێت کەناوی ئەو دەنگدەرە لێهاتووانەی تێدایە کە دەنگ لەو هەڵبژاردنانەدا دەدەن کە بڕیار وایە لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٠٥)دا ئەنجامبدرێت.**

**بەشی دووەم**

**(لێهاتوویی دەنگدان)**

**فەرمانی ژمارە (٩٦) لە (٢٠٠٤/٦/١٥)دا ئەو مەرجانەی دیاریکردووە کە پێویستە لە دەنگدەردا هەبێت بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا بکات، کەئەوانیش بریتین لە:**

**١.دەبێت بە هاوڵاتیەکی عێراقی دابنرێت ئەویش لەرێگای هەڵگرتنی رەگەزنامەی عیراقی یان مافی ئەوەی هەبێت رەگەزنامەی پێبدرێتەوە یان شیاو بێت بە پێدانی رەگەزنامەی عێراقی بەگوێرەی ماددەی (١١) لە یاسای بەرێوەبردنی گواستنەوە.**

٢.دەبێت لە (١٩٨٦/١٢/٣١) یان پێش ئەو مێژووە لەدایکبووبێت.
٣.دەبێت ناوی تۆمارکرا بێت بۆ دەنگدان بەگوێرەی ئەو رێوشوێنانەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەردەچن.
٤.بۆ ئەوەی دەنگدەر بتوانێت لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان یان ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەنگبدات، سەرباری ئەو مەرجانەی سەرەوە دەبێت ناوی لەتۆمارگەی دەنگدەراندا تۆمارکرابێت بەوەی کەدانیشتووی کوردستانە یان دانیشتووی پارێزگای پەیوەستدارە.

**بەشی سێیەم**

**تۆمارکردنی دەنگدەران**

١- تۆمارکردنی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە دەبێت کە لەسیستمی دابەشکردنی گشتی کارتەکانی کۆبۆنەوە دەستگیر دەبن و لەماوەی تۆمارکردنەکەشدا پەرەیان پێدەدرێت و هەر هەموارکردنێکیان پێویست بێت بەسەریاندا دەکرێت.
٢- دەنگدەرە لێهاتووەکان مافی ئەوەیان هەیە لەتۆمارکردنی ناوەکانیان لەتۆمارگە یەکەمییەکە بکۆڵنەوەو هەر هەڵەیەکیان تێدا بێت بەگوێرەی ئەو رێوشوێنانەی کۆمسیۆن دەریاندەکات راستیان بکەنەوە.
٣- کۆمسیۆن هەڵدەستێت بەکردنەوەی سەنتەرەکانی ناونوسین لەسەرانسەری عێراقداو موزاوەلەی کارەکانیان لەکات و شوێنی دیاریکراودا دەکات.
٤- پێویستە سەنتەرەکانی هەڵبژاردن ئاگاداربکرێنەوە لەهەر گۆڕانکاریەك بەسەر تۆمارگە یەکەمییەکەی هەڵبژاردنەکاندا دێت بەو گۆڕانکاریانەشەوە کەکاریگەرییان دەبێت لەسەر لێهاتوویی دەنگدەر لەدەنگدانی بەئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان یان بە ئەنجومەنی پارێزگایەکی دیاریکراو.
٥- هەرکەسێك مەرجە یاساییەکانی بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانی تێدابێتو ناوی لەتۆمارگەی دەنگدەراندا نەنوسرابوو دەتوانێت لەسەنتەری تۆمارکردنی دەنگدەران داوای تۆمارکردنی ناوی خۆی بکاتو بۆئەوەی داواکاریەکەی بەهەند وەربگیرێت، پێویستە ئەو بەڵگانەی هەبێت کە لێهاتووییەکەی دەسەلمێننو ئەو بەڵگانە بەلای کۆمسیۆنیشەوە بۆ ئەو مەبەستە دەبێت بەهەند وەربگیرێن.
٦- ئەو داواکاریانەی تایبەتن بەگۆڕانکاری و زیادکردن لەپێشو لەدوای ئەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاریکردووە پەسەندناکرێن.
٧- هەر زانیاریەك لەناو تۆمارگەی دەنگدەراندا بێتو هەموارنەکرابێتەوە بەراست دادەنرێت.

**ئەنجومەنی کۆمیساران**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق**

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## پەیرەوی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان
## بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عێراق
## ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩)

**(دەسپێك)**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان بە پێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) دامەزرا، کە ببێتە تاقە دەسەڵاتی هەڵبژاردن لە عێراقدا، کۆمسیۆنیش دەستەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەنی کەسایەتی واتاییە و سەر بە دەوڵەتە و لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندایە.**

**بەشی یەکەم**

**(زاراوەکان)**

**مەبەست لەم زاراوانەی لای خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانن:**

**١. کۆمسیۆن: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.**

**٢. ئەنجومەن: ئەنجومەنی کۆمیسیار**

**٣. تۆماری دەنگدەران: تۆمارنامەیەکە ناوی دەنگدەرانی شیاو بۆ دەنگدان و راپرسین و هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراقی تیایە.**

**٤. دەستەی هەرێم: نوسینگەی کۆمیسیۆن بۆ کارگێڕی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان**

**٥. ناوەندی تۆماری دەنگدەران: جێگایەکە کۆمسیۆن دەستنیشانیدەکات و بەرێوەی دەبا، دەنگدەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت دڵنیابێت لە راستی زانیاری کەسایەتی خۆی کە لە تۆمارنامەی دەنگدەراندا هەیە و گۆڕانکاری تیادا بکا (زیادکردن، لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە)**

**٦. تۆمارنامەی دەنگدەرانی سەرەتایی: بریتییە لە لیستی ناوەکانی دەنگدەرانی شیاو بۆ دەنگدان پێش پرۆسەی (زیادکردن، لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە)**

**٧. تۆمارنامەی دەنگدەرانی کۆتایی: بریتییە لە لیستی ناوەکانی دەنگدەرانی شیاو بۆ دەنگدان پاش پرۆسەی (زیادکردن، لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە) دوای کۆتاییهاتنی ماوەی خستنەڕوو و تانەکان.**

**٨. خستنەڕووی تۆمارنامەی دەنگدەران: توانینی هاوڵاتیان بۆ پشکنینی تۆمارنامەی دەنگدەرانی سەرەتایی لەو ماوەیەی کۆمسیۆن دەستنیشانیدەکات.**

**٩. تانەکانی تۆمارنامە دەنگدەران: تانەدان لە وردی داتاکان کە لە تۆمارنامەی سەرەتاییدا هاتووە لە لایەن ئەو کەسانەی مافی تانەدانیان هەیە بە پێی ئەم سیستمە.**

**بەشی دووەم**

**(شیاوی هەڵبژێر)**

**هەڵبژێر دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت تا بتوانێ بەشداری ڕاپرسین و هەڵبژاردن بکات:**

**١. دەبێت بە ڕەگەز عێراقی بێت.**

**٢. شیاوی تەواوی هەبێت.**

**٣. تەمەنی هەژدە ساڵی تەواوبێ لە کاتی هەڵبژاردندا.**

**٤. ناوی هەبێت لە تۆماری دەنگدەرانی یەکێك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان –عێراق بەپێی سیستم و کارڕاییەکانی کۆمسیۆن.**

**بەشی سێیەم**

**(تۆمارکردنی هەڵبژێران)**

**١. تۆماری دەنگدەران داندراو لە لایەن کۆمسیۆن پشتدەبەستێت بە بناغەی داتاکانی سیستمی دابەشکردنی گشتی فۆرمی خۆراك، سەبارەت بە کارڕاییەکانی کۆمسیۆن (زیادکردن، لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە).**

**٢. هەرکەسێك مەرجی یاسایی تێدابێ بۆ بەشداربوونی لە هەڵبژاردن و ڕاپرسین (ڕیفراندۆم) ناوی نەخرابێتە تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی دەتوانێت داوابکات لە ناوەندی تۆماری دەنگدەران کە ناوی بخەنە تۆماری دەنگدەرانەوە پاش دەرخستنی بەڵگەنامەکانی کە شیاوە و کۆمسیۆن بە پێویستی دەزانێت.**

**٣. دەنگدەرە شیاوەکان مافیان هەیە دڵنیابن لە بوونی ناوەکانیان لە تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی و داوای ڕاستکردنەوەی زانیاریەکانیان بکەن (لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە، زیادکردن).**

**٤. کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە کردنەوەی ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدەران لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەستبەکاردەکات لە شوێنەکان و ڕۆژی دیاریکراو لە لایەن کۆمسیۆنەوە.**

**٥. دەنگدەر دەبێت ئاگاداری ناوەندەکانی تۆمارکردن بکات لە هەر گۆڕانکارییەك کە بەسەر داتاکانیاندابێت لەو ماوەیەدا کە تۆمارنامە نوێدەکرێتەوە.**

**٦. داواکاری نوێکردنەوەی داتاکان (زیادکردن، لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە) وەرناگرێت بەر لە یان لە دوای ئەو ماوەیەی کۆمسیۆن دەستنیشانیدەکات.**

**٧. هەر دەنگدەرێك ناوی نەبێ لە تۆماری دەنگدەران کۆتایی مافی دەنگدانی نییە لە هەڵبژاردن و ڕاپرسین (ڕیفراندۆم).**

**٨. هەموو زانیارییەکان لە تۆماری دەنگدەران ڕاستن ئەگەر ڕاست نەکرابێتەوە.**

**٩. تۆمارکردن لە لایەن کەسەکەوە دەبێ، یاخود کەسێ نوێنەری بێ بە پێی کارنامەی دەرچوو لە کۆمسیۆن.**

**١٠. کۆمسیۆن ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم دەکاتەوە بە پێی کارنامەی دەرچوو لە کۆمسیۆن.**

**بەشی چوارەم**

**(خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران)**

**١. تۆماری دەنگدەران و کۆپییەك لە لیستی زانیارییە نوێکراوەکان لە ناوەندەکانی تۆمارکردنی هەڵبژاردن دەخرێتەروو لەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاریدەکات و رایدەگەینێت.**

**٢. هەڵبژێرەر لەو ماوەیەی کە کۆمسیۆن دیاریدەکات مافی هەیە ڕووبکاتە ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران بۆ دڵنیابوون لە بوونی زانیارییەکانیان و بریکاری قەوارە سیاسییەکان چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوە و خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران دەکەن.**

**٣–چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنەکان و بریکاری قەوارە سیاسییەکان. چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوەو خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران دەکەن.**

## بەشی پێنجە م

## (تانەدان لە تۆماری دەنگدەران)

**١. هەر کەسێك لە ماوەی خستنە ڕووی تۆماردا بۆی هەیە بە نوسراو تانە لە دروستی تۆمارنامە کە یاخود لە هەر گۆڕانکارییەك تیایدا کرا بێت بە پاڵپشتی بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو بەرزکاتەوە بۆ بەرێوەبەری ناوەندی تۆمارکردن. بەڕێوەبەری نوسینگەی پارێزگاش دەبێت هەمووتانەکان یەکلابکاتەوە تەنها ئەوانە نەبێت کە پەیوەندیان بە زانیاریەکانی کەسانی تر هەیە لە ماوەیەکدا کە لە سێ ڕۆژ تێپەڕنەکات لە دوای ماوەی خستنەڕووی تۆمارنامەکە و پێشکەشکردنی تانەکان.**

**٢. دەنگدەر بۆی هەیە بە نوسراو تانە بدات ئەگەر ناوی کەسێکی تر خرابێتە تۆمارنامەی دەنگدەرانەوە وە لەسەر ئەو بنچینەیە ئەو کەسە تانەلێدراوە کە ناوی خراوەتە تۆمارەوە.**

**ا. هاوڵاتییەکی عێراقی نەبێت.**

**ب. مێژووی لە دایکبوونی دوای (٣١ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١) بێ.**

**ج. کەسێك وەفاتی کردبێت.**

**٣. تانە وەرناگیرێت بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر، ئەرکی سەلماندنی تانە پێشکەشکراوەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی تانەدەر.**

**٤. دەنگدەر بۆی هەیە تانە بدات لە نەبوونی ناوەکەی لە تۆماری دەنگدەران یاخود لە زانیاریەکانی تۆمارکراوان لەسەر بنچینەی:**

**ا. ناوی لە فۆرمی زانیاری تۆمارکردنی تایبەت بە خێزان تۆمارکراوە و زانیاریەکانی لە لایەن خێزانەوە نەگۆڕاوە.**

**ب. ناوی خراوەتە سەر تۆماری دەنگدەران لە ماوەی تۆمارکردنی دەنگدەران لەم بارەشدا دەبێت خاوەن تانەلێدانەکە بتوانێت پسولەی وەرگرتنی تایبەت بە تۆمارکردن نیشانبدات.**

**ج. داتاکانی تایبەت بە (گواستنەوە، گۆڕان، ڕاستکردنەوە) نوێ نەکرابنەوە.**

**٥. تانەکان پێشکەشدەکرێت لەو ماوەییەی تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی دەخرێتە ڕوو.**

**٦. دوای یەکلایکردنەوەی لە هەموو بڕیارو تانەکان لە تۆماری دەنگدەران تایبەتییەوە تۆمارنامەکە بە کۆتایی دادەنرێ دەنگدان بە پێی ئەو دەدرێت.**

## توێژەر لەچەند دێڕێکدا

**پارێزەری ڕاوێژکار: سلێمان مستەفا حەسەن خدر**
**بەکالۆریۆس لە یاسا – زانکۆی سلێمانی.**
**ئەندامێتی لە (سەندیکای پارێزەران، سەندیکای مافپەروەران، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز).**
**کاری ئێستا: جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.**
**بەشداری دەیان خولی ڕاهێنانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی کردووە تایبەت بەدیموکراسی و هەڵبژاردن و...هتد لەوڵاتانی (تورکیا، دانمارك، سوید، بولگاریا)**
**خاوەنی چەندین بڕوانامەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیە.**
**نوسینی دەیان بابەت و لێکۆڵینەوە لەسەر پرسەکانی هەڵبژاردن و یاسا و رامیاری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی کوردستان.**

**توێژینەوە:**

- **دەوری ئێزیدیەکان لەسەرخستنی راپرسی لەسەر دەستوری عێراقدا .**
- **کورد زەرەرمەندی یەکەم بوو لە هەمووارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا.**
- **هەرێمی کوردستان و پارتەکانی سێیەم.**
- **یاسای حزبەکان لە هەرێمی کوردستان لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاریدا.**
- **دادو گەشەپێدان تەمەنێکی کورت و ئەزموونێکی سەرکەوتوو.**
- **سیستەمی سیاسی تورکیا.**
- **سیستەمی سیاسی سوید.**
- **تیرۆر لە سایەیی عەولەمەدا.**
- **کام شێوازی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی و شێوازی دابەشکردنی کورسیەکان گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان.**
- **یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لیستی کراوەی سنوردار.**
- **سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەبەر ڕۆشنایی (١٨) بازنەی هەڵبژاردن, و پێڕەوکردنی شێوازی سانتلیگۆ لە دابەشکردنی کورسییەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ڕێکنەخراوەکاندا.**
- **تۆماری دەنگدەران لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، و یاساکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان**

**کتێب و نامیلکە:**

**نوسین وئامادەکردنی ١٢نامیلکە و کتێب.**

- **چاودێری سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا ٢٠٠٦.**
- **کاری سیاسی و هەڵبژاردن لە ئێران٢٠٠٨.**
- **کاری سیاسی و هەڵبژاردن لە مسر ٢٠٠٨.**
- **بنەماکانی دیموکراسی ٢٠٠٩.**
- **هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە چەند پرسیارو وەڵامێکدا ٢٠١٠.**
- **هەڵبژاردن و تاوانەکانی هەڵبژاردن ٢٠١٣**
- **ئامادەکردنی ( یاساکانی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا )٢٠٠٩.**
- **ئامادەکردنی( یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان).**
- **ئامادەکردنی (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ) و( یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان).**
- **ئامادەکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان٢٠١٤.**
- **سیستەمەکانی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاریدا.**
- **کوردو یەکەم ئەزمون لە شۆرشەوە بۆ هەڵبژاردن (ئامادەیە بۆ چاپ ).**

**پرۆژە یاسا:**

- **ئامادەکردن و بڵاو کردنەوەی پرۆژە یاسای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە وادەی خۆیاندا.**
- **ئامادەکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.**
- **ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ریفراندۆمی کوردستان.**
- **ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پارێزگان.**

**ناونیشان:**

**ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٣٠١٠٦**

**ئیمێڵ:** sulaiman.khec@gmail.com

## سوپاس و پێزانین:

## جێگەی خۆیەتی سوپاسی ئەو هاورێ بەرێزانەم بکەم کە هاوکار مان بوون بە سەرنج و تێبینیەکانیان ، دەستیان ئەکوشم چاویان ماچ ئەکەم.